www.kurdistannet.org
19-9-2007 19:02بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**مەلای درۆ زل .... عامر سابیر**

asabir79@hotmail. com

1) مەلا حەسەن قادیانەیی ئەڵێت (لەو بیرە ئیلحادیەی ئەوروپادا، منداڵانی بەستەزمان لە سەرەتای تەمەنیاندا، لە قۆناغەكانی سەرەتایی قوتابخانە پرۆڤەی سێكسیان پێ دەكرێت و فێری داڕوخانی ڕەوشتی ئەبن) (١)



مەلا حەسەن ئەبێت بزانێت كە نە لە ئەوروپا و نە لە هیچ جێگایەكی تر، نە لە قۆناغی سەرەتایی و نە لە هیچ قۆناغێكی تری خوێندندا، پرۆڤەی سێكسی فێری منداڵان ناكرێت.
ئەوەی كە لە ئەوروپا لە قۆناغی ناوەندیدا بە ڕێگەیەكی زانستی قوتابیان زانیاری وەرئەگرن لە سەر چۆنیەتی سێكس بە شێوەیەكی دروست و تەندروست، ئەمە كارێكی زۆر باشە، ئاخر ئەگەر ئەم فێركردنە لە وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیاشدا فەراهەم بكرایە، ئەوا ئایدز و نەخۆشییەكوشندەكانی تر گەورەترین هەڕەشە نە ئەبوون لە ئایندەی ئەو كۆمەڵگایانە.
لە ئەوروپادا ئەگەر كەسێكی گەورەساڵ، سێكس لە گەڵ منداڵێكی ژێر 16 ساڵ بكات، تەنانەت ئەگەر بە ڕەزامەندی منداڵەكە خۆشی بێت، ئەوا بە ئیغتیساب حیساب ئەكرێ و سزای توندی كەسەكە ئەدرێت، بەڵام لەم كوردستانەی لای خۆمان، بەردەوام شاهیدی ئەوەین كە هاوشێوەكانی مەلا حەسەن، كچانی منداڵی ژێر 16 ساڵ مارە ئەكەن لە گەورەساڵان، ئەمەیە داڕوخانی ڕەوشتی.
2) حاجی كاروان كە لە تەلەڤزیۆنەكەی یەكگرتووی كۆنەپەرستەوە بەرنامەی بەختەوەری پێشكەش ئەكرد و لە ئەوروپاوە هاتۆتەوە، وە زۆر موعەجیبە بە وتارەكانی و بە (CD) یش لە كوردستان بڵاویكردۆتەوە، لە وتارێكیدا لە سەر ڕەوشت جوانی ئەڵێت (باوەڕبكەن هیچ پیاوێك لەو ئەوروپایە نییە، لای كەم لای كەم 30 ژنی نەهێنابێت، گللەیی ئەكەن لە ئیسلام ئەڵێن چۆن ئیسلام چوار ژن حەلاڵ ئەكات، دە لای كەمەكەی 30 هێناوە، ئەوە بە بێ شك، ژن ئەوە بە بێ حیساب) .
2007/9/18

١) كوردستان نێت، 2007/8/4، وتاری (شێرزاد فاتح یاری بە ئاگر دەكات، ملاحسن قادیانەیی) كە وەڵامە بە وتارێكی شێرزاد فاتیح لە كوردستان نێت بە ناوی (لە غیابی یاسای پاراستنی مافەكانی منالان وەزارەتی ئەوقاف فرسەت لە منالان دێنێ) .

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.